# ئەوانەی ئەمڕۆ بەڕۆژوو نەبوون پاداشتی خۆیان وەرگرت

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بووین لە سەفەرێکدا وهەندێکمان بەڕۆژوو بووین، وهەندێکمان بەڕۆژوو نەبووین، لە شوێنێکدا وەستاین (بۆ پشوودان) لە ڕۆژێکی گەرمدا، ئەوەمان کە زۆرترین سێبەری هەبوو ئەوە بوو کە چارۆکەی (جلی یەک پارچەی درێژی) لەبەردا بوو، وهەمان بوو بە دەستی سێبەری بۆ خۆی پەیدا دەکرد لە تیشکی خۆر، ئەوانەی بەڕۆژوو بوون کەوتن بەسەر زەویدا، وئەوانەی بەڕۆژوو نەبوون خێمەیان (بۆیان) هەڵدا وئاژەڵەکانیان ئاو دا، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەوانەی ئەمڕۆ بەڕۆژوو نەبوون پاداشتی خۆیان وەرگرت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوون لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا، لەوەیە غەزای (فەتح ورزگارکردنی مەککە) بێت، هەندێک لە هاوەڵان بەڕۆژوو بوون، وهەندێکیان بەڕۆژوو نەبوون، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕەزامەندی نیشاندا لە کردەوەی هەردوو کۆمەڵەکە، لە شوێنێکدا لایاندا بۆئەوەی پشوو وەربگرن وئیسراحەت بکەن لە گەرما وتینی تیشکی خۆر، کاتێک لەو شوێنە لایاندا لە نیوەڕۆدا، هەندێک لەوانەی بەڕۆژوو بوون کەوتن بەسەر زەویدا ئەمیش بەهۆی تینوێتی وگەرماوە، ونەیانتوانی ئیش بکەن، وئەوانەی بەڕۆژوو نەبوون، هەستان وخێمەیان هەڵدا و وشترەکانیان ئاودا، وخزمەتی برا ڕۆژووگرەکانیان کرد، کاتێک پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کردەوەکانیانی بینی لە خزمەتکردن ویارمەتیدان؛ هانی سوپاکەی دا وفەزڵ وپاداشتیانی ڕوونکردەوە وفەرمووی: (ئەوانەی ئەمڕۆ بەڕۆژوو نەبوون پاداشتی خۆیان وەرگرت).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4439

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee